ئەمڕۆ چۆن بۆمان دەلوێت نیتشە بخوێنینەوە؟

پێشەکی

١. دەستپێکێکی گرنگ

ئەمڕۆ چۆن بۆمان دەلوێت نیتشە بخوێنینەوە ؟

ئەمجۆرە پرسیارە، پرسیاری دیکەی لەخۆی حەشاردەدات، گرنگی ئەم پرسیارە لەوەدایە، کە دەکرێت، بۆ چەند شێوازێکی دیکە لەرووی ستراکتۆر و بابەتەوە بیگۆڕین. لەوانەیە باشتر بێت، بڵێین: پێویستە چۆن نیتشە بخوێنینەوە؟ یان بپرسین: ئایا هێشتا دەکرێت ئەمڕۆ نیتشە بخوێنینەوە؟ ئایا زۆری تەفسیرە نیتشەوییەکان کۆسپ لەبەردەم خوێندنەوەی دیکە دروست دەکات؟

پێدەچێت، پرسیارکردن لەبارەی خوێندنەوەی نیتشە، پرسیارێکی بازنەیی بێت، وڵامدەرەوەی ئەو مەرجە تەکنیکییانە نەبێت، کە فارابی لە کتێبی الحروف دیاریکردووە ، ئەمڕۆ چی وامان لێدەکات، نیتشە بخوێنینەوە؟ چۆن دەکرێت لە نیتشە بگەین یان بیخوێنینەوە؟

خودی نیتشە، مەترسی لەوانە هەبوو، کە لە داهاتوودا ئەو دەخوێننەوە، بۆیە ئەویش پرسیاری ئەوەی دەکرد، ئاخۆ دەکرێت خوێندنەوەیەکی جیدی و دادپەروەرانە بۆ نووسینەکانی بکرێت و دەڵێت:" هەرگیز متمانەم بە خوێنەران نییە، چۆن دەکرێت بۆ خوێنەرانێک بنووسم؟....بەڵام بۆخۆم چاودێری خۆم دەکەم ". کێ دەزانێ، نیتشە ویستوویەتی خەڵکی لە فەلسەفەکەی بگەن؟ ئەی ئەوە نییە پێدەچێت، نیتشە لەو کەسانە بێت، کە دەقەکانی وا دەنووسن کە ئەگەر تێنەگەیشتنی هەبێت ؟

مامۆستا محەمەد مەحجوب لە هەندێ توێژینەوەی، کە لەوانەیە بەمزووانە بڵاوبکرێتەوە، جەختی لەوەکردۆتەوە کە: ئێمە ئەگەرچی خوێنراوی نیتشەین، بەڵام نیتشە دەخوێنینەوە....، بۆیە خوێندنەوەی نیتشە هەر لەسەرەتاوە رووبەرووی چەند لایەنێکی رۆڵی هێرمینۆتیکا دەبێتەوە، کە ئەمەش بەهۆی نامۆییەوە نایەت کە هەر خوێنراوێک لەبارەی خوێنەرەکەی هەیە، کەچی بەهۆی نزیکی خوێنراوەکە لە خوێنەرە روودەدات، ئەمە مانای چییە؟

لەوانەیە ئەوەی کۆسپ بۆ خوێندنەوەمان بۆ نیتشە دروست بکات، ئەوەیە: ئێمە لە یەک کاتدا هەم خوێنەر و هەمیش خوێنراوین، ناتوانین غەیرەبوون (خۆجیاکردنەوە) لەنێوانمان لەگەڵ ئەو دروست بکەین، چونکە ئەو "غەیرە" دەبێتە "خۆمان". جا بۆئەوەی دەوری تێگەیشتن بدەین، ئەوا هەر دەبێت مەسافەیەک لەنێوانمان و لەنێوان "ئەوەی دەیخوێنینەوە" دروست بکەین، بەڵام ئەمە بەسەر خوێنراوی حاڵ جێبەجێ نابێت، چۆن دەکرێت، ئەوەی بۆمان ئاشنا بێت، بکەین بەوەی لێمان نامۆیە؟

پێویست ناکات زۆر پشت بەو چەندە کەڵەکەبووە زۆرەی شەرح ببەستین، کە دەستیان داوەتە تەفسیرکردنی کارەکانی نیتشە، بێ ئاگا لەوەی کە ئەم کارانەی پێویستیان بە شەرح یان تەفسیری ئەکادیمیستان نییە، بەڵکو پێویستی بە خوێندنەوەیەکی تەئویلی هەیە، بەتایبەت کە شێوازی نووسەرەی، شێوازێکی عادەتی و ئاشنا نییە، نە بە نووسینی فەلسەفەکانی پێش خۆی دەچێت، نە بەوەی سەردەمەکەی دەچێت. کاری نیتشەیی، نە ئەگەری رۆتینی شەرح هەڵدەگرێ و نە سادەیی تەفسیر، بەڵکو خودی نیتشە لە پێشەکی کتێبی (جینیالۆجیای ئەخلاق) داوا لە خوێنەرانی دەکات، کە دەبێت تەئویلی ئەوەی ئەو نووسیوویەتی بکەن، هەندێجار بە ئەنقەست ئامۆژگاریی تەئویلی پێشکەشکردووە، هەروەک ئەوەی لە کتێبی (مرۆڤانە و زێدە مرۆڤانە) کردوویەتی.

شەرحکەر، کارەکە شەرحدەکات، دەیەوێت تەفسیری بکات، هەرچی تەئویلکەرەکەیە، ئەو دەقە دەخوێنێتەوە، کە نارۆشنە، تێیدا بەدوای مانا دەگەڕێ و بۆخۆی دیدگایەک دیاری دەکات، کە بەهۆی ئەو دیدگاوە بەسەر دەقەکە دەڕوانێ، نەوەک ئەوەندە، بەڵکو بەهۆیەوە لەناو دەقەکە دەگیرسێتەوە، ئەو شەرحکەرەی کە دەیەوێت دەقێک تەفسیر بکات، پێویست ناکات شەرم بکات لەوەی هەر دەبێت رەمزە و لوغزەکانی شیبکاتەوە و لەباریەکیان هەڵوەشێنێتەوە، بەتایبەت ئەگەر پرسەکە بە بابەتێکی نیتشەییەوە پەیوەست بوو، بەڵام تەئویلکەرەکە ئەو باوەڕەی لا دروست نەبوو، کە بەوەندەی شەرحکەران لە شەرح و تەفسیرەکەیان بەروویانخستووە، وازبێنێ، چونکە "وشەکان" ناتوانن ئەوەی ئەو دەیخوازێت بەدەربخات و بەرگی نارۆشنی لەبەر داماڵێنێ، چونکە

دەقەکە خۆی لەپەنای جوانی شێوازی نووسین شاردۆتەوە، ئەوەندە خۆی لەپشت ڕەمز شاردۆتەوە، لەچاوان بزربووە، خاوەن دەقەکە ئەوەندە هێما و نارۆشنی داڕشتووە، ئیشکالی لە تێکەیشتنی ماناکەی دروستکردووە، با خوێنەر بۆ نموونە سەیری (زەردەشت وای گوت) بکات.

نیشتە هەر لە کتێبی (مرۆڤانە و زێدە مرۆڤانە) بە ئەنقەست دەستی بردووە بۆ نووسین بە شێوازی پارچەیی، کە ئەو کتێبەی بە خاڵی وەرچەرخان لە فەلسەفەکەی دادەنرێت. ئەو دەقەیە، کە شەرحکەرانی نیتشە بە "قۆناغی دووەمی" فەلسەفەکەی دایدەنێن. بۆیە هەمووان ئاماژە بە شێوازە داهێنەرانەی نووسین و نامۆیی ستراکتۆریی دەقەکەی دەکەن. وەک ئەوەی بیەوێت ئەو خوەی فەیلەسوفان لە نووسینی فەلسەفە گرتوویانەتەبەر بشکێنێ، بۆیە تێگەیشتن لێی قورس بوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی جارێک سەخت بوو لەمەبەستەکەی بگەیت و جارێکیش نیازەکانی لەناو دەقەکە دەشاردەوە، ئەمەش وای دەکرد، لە ڕێگەی "وشەکانی" نەتوانرێت تێی بگەیت، چونکە مانای وشەکان لێرە و لەوێ لەنێوان پەرەگرافەکان بڵاوبۆتەوە، تێگەیشتنەکان بەقەد دیدگاکان و جیاوازی گۆشەنیگاکان فرەدەبوون.

بۆمان ڕوونبووەوە، لە هەموو بارێکدا، مەبەست لەو شەرحانە، مەبەستێکی ئەکادیمییە، واتا دەیەوێت لەپێناوی تەفسیر و فێرکردن، تەنها دەست بە شەرحکردنی کارێکی فەلسەفییەوە بگرێت، مەبەست لە خوێندنەوەی تەئویلی هەر ئەوە نییە لە چوارچێوەی شتی ئەکادیمی و فێرکردن بکرێت، بەڵکو بەسەر ئاسۆی دیکەش دەکرێتەوە، کە وای لێدەکات بە پرسی گەورەی دیکەی فەلسەفییەوە گرێبدرێت، بۆیە وەک بنەمایەک بۆ هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە کارەکانی نیتشەیی، پێویستە لەسەرمان پشت بە خوێندنەوە فەلسەفییەکان ببەستین، سەرباری ئەوەش پێویستە ئەوەی شەرحکەرانی نیتشە پێیگەیشتوون، وەربگرین، بەبێ ئەوەی بەمەبەست لەنێوان خوێندنەوەی تەئویلی و شەرحی ئەکادیمی لایەکیان بەسەر ئەوەی دیکەیان بخەین، بەڵکو دەستبردنمان بۆ ئەو شەرحانە لەم خوێندنەوەیەدا، بەهۆی ئەوەوە بووە، ئەو شەرحانە یان نەیانتوانیووە تێی بگەن یان خراپ تێی گەیشتوون، بەهۆی ئەوەی فەلسەفەی نیتشە لەنێوان بابەتی

فەلسەفی و شیعریی رەمزیی دابووە، بۆیە پەیدابوونی "وشەکان" لای ئەو پەیدابوونێکی مۆزیکی (هاوڕێیەتی لەگەڵ ڤگنار) بووە، ئەمەش وایکردووە لەبەردەم هەموو هەوڵێک بۆ شەرحکردن یان تەفسیرکردنی بەرگەبگرێت. خودی نیتشە لە پێشەکی کتێبی (ئاوابوونی بتەکان) کە ساڵی ١٨٨٨ چاپ بووە، جەختی لەوەکردۆتەوە کە رێبازی ئەو لە بیرکردنەوە، لەسەر (هونەری گوێگرتن) نەوەک لەسەر (تێڕوانینی رەمەکی) یان سەیرکردنی سادە، بوونیادنراوە . ئەی بۆچی هێشتا خوێندنەوەی نیتشە کێشەیە؟ پشت بەچ خوێندنەوەیەک ببەستین؟ بە چ پێوەرێک خوێندنەوەیەک هەڵبژێرین و یەکێکی دیکە هەڵنەبژێرین؟

٢- پرسی کارەکانی نیتشەیی:

پێدەچێت پرسی سەرەکی، کە رووبەرووی تەئویلکەران دەبێتەوە، خودی کارەکانی نیتشە خۆیەتی: واتا ئایا فەلسەفەی رەسەنی نیتشە لەو کۆمەڵە کارانەیە کە نیتشە بەخۆی بڵاویکردونەتەوە، یان لەوانەیە کە بەبێ بڵاوکردنەوە جێی هێشتوون ؟

هەڵوێستی یەکەم، دەڵێت، بەخشینی رەسەنی نیتشەیی لەو کارانەیدایە، کە دوای مردنی بڵاوبوونەتەوە، کەسانێکی زۆر نوێنەرایەتی ئەم هەڵوێستە دەکەن، کە ویرزباخ و هایدگەر لەوناویدایە. هایدگەر هەرچییەک فەیلەسوف بەخۆی بڵاویکردبێتەوە، بە دەرەوەی کار دایناوە.

هەرچی هەڵوێستی دووەمە، ئەوا لەلایەن هەریەکە لە کارڵ شلیشتە و سارە کۆفمان نوێنەرایەتی دەکرێت، ئەوانە لەو باوەڕەدان کە بەخششی نیتشەویی لەو کارانەدایە، کە نیتشە بەخۆی ئامادەی کردوون و بڵاویکردوونەتەوە، شلیشتە لەمیانەی کتێبی der) fall nietzsche)کە ساڵی ١٩٥٨ چاپ بووە، رایگەیاندووە کە لە (مرۆڤانە و زێدە مرۆڤانە)ەوە دەستی بە خوێندنەوەی نیتشە کردووە، ئەو تەنها دان بەو چاپکراوانەی نیتشە دەنێ، کە لەماوەی ساڵانی ١٨٧٨ بۆ ١٨٨٩ دەرچوونە.

هەڵوێستی سێیەم: کە کۆرت پۆڵ یانز (کە کار مۆزیکییەکانی نیتشەی بڵاوکردۆتەوە) نوێنەرایەتی دەکات، باوەڕی وایە کە فەلسەفەی راستەقینەی نیتشە لەناو تەواوی

نامەکانیدایە (الرسائل الکاملة)، پۆڵ یانز باسی ئەو نامەیەی نیتشەی کردووە، کە ڕێکەوتی ١٠ی شوباتی ١٨٨٨بۆ کارڵ سبیلار نارد، کە باسی ئەو بێدەنگییە دەکات، کە باڵی بەسەر کتێبی (ئەودیوی چاکە و خراپە) کێشاوە، کەچی ئەو کتێبە کلیلی تێگەیشتنی بیروڕاکانییەتی. بۆیە پۆڵ یانز بۆ خوێندنەوەی نیتشە، پێشنیازی ئەوە دەکات، کە دەبێت سەرەتا لەم کتێبەی دەست پێ بکرێت، هەرچەندە سووریشە لەسەر ئەوەی کە نامەکانی دەبێت گرنگی زۆریان پێ بدرێت.

بۆ دڵنیابوون لەوەی پۆڵ یانز باسی کردووە، گەڕاینەوە سەر بەرگی هەشتەمی تەواوی نامەکانی نیتشە، بینیمان ئەوەی پۆڵ یانز لەبارەی گرنگی خوێندنەوەی کتێبی (ئەودیوی خێر و شەڕ) باسی کردوە، دروستە، لەوێ ئەمە دەقە دەخوێنینەوە:.....دواین نیشانەی پرسیار: بۆچی کتێبەکەم (ئەودیوی چاکە و خراپە) کپ و کڕکەوت؟ من چاک دەزانم، ئەو کتێبەر سەرباری قەدەغەبوونی، بەڵام کلیلی تێگەیشتن لەمنی تێدایە، پێویستە مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لەمن، سەرەتا دەست بەخوێندنەوەی ئەو بکات. ...

هەرچی کارڵ یەسبرسە، ئەوا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پێویستە هەموو کارەکانی نیتشەویی وەک گشتێک بخوێندرێتەوە، چونکە "وشەکانی" لە کتێبەکان دانەبڕاوە، لەوانەیە ئەوەی بە بڕوای ئێمە لاوەکی و ناجەوهەریی بێت، دەکرێت لە فیکری ئەو بنەڕەتی و جەوهەریی بێت، نیتشە هیچ کارێکی سەربەخۆ و جیاوازی نییە، دابڕاوبێت لە هەموو کارەکانی دیکەی، هەروەها یەسبرس وای دەبینێ کە دژەوانەیی تەئویلەکان نابنە بەربەست یان کارێکی نەزۆک لەبەردەم خوێندنەوە نیتشە، بەڵکو دەبێتە هاندەرێک بۆ تێگەیشتنێکی وردتر.

لەمیانەی (وشە بنچینەییەکانی) دەمانەوێت، خوێندنەوە بۆ نیتشە بکەین، بۆئەمەش بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشتمان بە بیریاری سەرەکی وەک هایدگەر بەستاوە. هایدگەر وای دەبینێ پشت بەستن بە خوێندنەوە دژ، هیچ سوودێکی بۆمان نابێت، چونکە لە خودی نیتشەمان دووردەخاتەوە، بۆیە ئامۆژگاریمان ناکات کە پشت بە هەمەجۆر ئەو شەرحانە ببەستین، کە ویستوویانە لە فەلسەفەکەی بگەن، چونکە کارێکی وا، دەبێتە

هۆی ئەوەی کە نەکرێت بە تێگەیشتنێکی ڕەسەن بگەین.
ئەوەی بوێری فیکریی و پەرۆشیی فەلسەفیی تێدابێت، بەخۆی دەتوانێت خۆی لە قەرەی سەختی خوێندنەوەی نیتشە بدات، بەبێ ئەوەی دەست بەوەی شەرحکەران لەبارەی نیتشە نووسیوویانە بگرێت ، بۆیە هایدگەر ئامۆژگاریمان دەکات نووسینەکان نیتشە وەک ئەوەی هەیە بخوێنینەوە، بەبێ ئەوەی داوای یارمەتی لەوانە بکەین، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن، گەیشتوونەتە ئەو تێگەیشتنەی کە پێویستیان بە خوێندنەوەی دیکە نەبێت. ئەو خوێندنەوانە، تەنها شەرحێکن، پەل بۆ شتە بنەڕەتییەکانی بیرکردنەوەی نیتشە ڕاناکێشن، ئەو فرە شیکردنەوانە (شەرحانە)، شەرحی فەلسەفین و بە شیکردنەوەی دیاریکراو دەمێننەوە، دەکرێت بڵێین، تاکە خوێندنەوەی فەلسەفی تا ئێستا بۆ نیتشە کرابێت، ئەو خوێندنەوەیە کە هایدگەر کردویەتی، چونکە چۆتە قوڵایی (وشە بنەڕەتییەکانی) نیتشە.
هایدگەر لەو باوەڕەدایە کە پرۆژەی (ئیرادەی ئیقتیدار، ١٩٠١) کارێکی سەرەکی نیتشەیە، ئەگەرچی زۆربەی بڵاوکەرەوانی نووسینەکانی نیتشە، نکۆڵیان لەوەکردووە، کە ئەم کارەی هەرگیز هی نیتشە نییە (شلیشتە)، چونکە لە کۆبەرهەمە بڵاوکراوەکان، ئەوانەی هەریەکە لە جیۆرجۆر کۆڵی و مازینۆ مۆنتیناری بڵاویانکردەوە، ئەم کارەی تێدا نییە، بەڵکو خودی مۆنتیناری کتێبێکی بۆ ئەم مەبەستە بڵاوکردەوە و ناوی نا (ئیرادەی ئیقتیدار، بوونی نییە )، هەروەها جیۆرجیۆ کۆڵی لەمیانەی ناساندنی کۆمەڵێ کاری نیتسەویی لە کتێبەکەی خۆی بەناوی (نووسینەکانی لەبارەی نیتشە) باسی ئەو نووسینەی نیتشەی ناکات.
جێی ئاماژە بۆکردنە، کە شلیشتە، نووسینەکانی نیتشەی لە سێ بەرگدا لەماوەی ساڵانی ١٩٥٤- ١٩٥٥- ١٩٥٦ لە چاپخانەی کارڵ هنسەر لە میونیخ چاپکرد، چاپخانەکە خۆی هانیدا کارێکی وا بکات ، هەروەها بڵاوکراوەی دیکەش هەیە، کۆبەرهەمەکانی نیتشەی لەخۆگرتووە، ئەو چاپە ئەڵمانییەی کە هەریەکە لە جیۆرجیۆ کۆڵی و مازینۆ منتیناری ئامادەیانکردبوو، لەهەموویان زیاتر تۆکمەتر و بەناوبانگتر و جێی متمانەترە ، ئەم دووانە وەرگێڕانە ئیتاڵیەکەی نووسینەکانی نیتشەیان لەوەتەی ساڵی ١٩٦٤

بڵاوکردۆتەوە، دواتر ئەمەیان بۆ زمانی فەرەنسی و زمانەکانی دیکە وەرگێڕاوە، هەر ئەم دووانە دەستنووسەکانی نیتشەیان بە گوێرەی سیستەمی بەدوایەکداهاتنی زەمەنی ڕێکخست، کەچی چاپخانەی گرۆس ئوکتاف بە گوێرەی سیستەمی زنجیرەی بابەتەکان، نووسینەکانی نیتشەیان بڵاوکردەوە، چاپی ئەڵمانی لەلایەن دی گریتەر لە ساڵی ١٩٦٧ بڵاوکرایەوە ، هەرچی چاپی ئیتاڵی بوو، ئەوا لەلایەن ئەلفی ساڵی ١٩٧٥ بڵاوکرایەوە، هەروەها چاپی فەرەنسی لەلایەن گالیمار ساڵی ١٩٧٨ لەژێر سەرپەرشتی جیل دۆلۆز و مۆریس دی گوندیاک بڵاوکرایەوە ، ئەو چاپەی لێرە پشتمان پێبەستاوە، لە ١٤ بەرگ پێکهاتووە، سەبارەت بە (ئیرادەی ئیقتیدار) ئەوا پشتمان بە چاپی فەرەنسی بەستاوە، کە ج. بیانکیس لە ئەڵمانیەوە) لە بڵاکراوەی ساڵی ١٩٤٠ بەناونیشانی (das vermachtnis f. nietzsches وەرگێڕاوە.

٣- پرسی خوێندنەوە: ململانێی تەئویلەکان:

خوێندنەوەی کارەکانی نیتشە لەوەتەی نزیکەی نیو سەدەیە، بێ پچڕانەوە هاتوون، بۆیە تێکئاڵاون و دژشیش وەستاونەتەوە، کەچی خودی زۆریی تەئویلەکان بوونەتە کۆسپ لەبەردەم تێگەیشتن لە فەلسەفەی نیتشە. کارڵ لفیت پاشکۆیەکی بۆ کتێبەکەی (نیتشە و فەلسەفەی گەڕانەوەی ئەبەدی) تەرخانکرد، کە لەماوەی دابڕانی لە مامۆستاکەی (هایدگەر) لە ساڵی ١٩٣٤ بڵاویکردەوە، لەم کتێبەدا هەمەجۆر بیریار و شەرحکەران و خوێنەرانی دیاریکرد، لەوانەی کە باسی کارەکانی نیتشەیان لەماوەی نێوان ١٨٩٤ بۆ ١٩٥٤ کردووە ، لێرە دەکرێت باسی بوملار بکەین لە کتێبی (نیتشە و فەیلەسوف و سیاسی) کە ساڵی ١٩٣٦ بڵاوبۆتەوە، هەروەها هایدگەر کە بەشێکی زۆر کارەکانی بۆ نووسینەکانی نیتشە تەرخان کرد هەر لە ١٩٣٥ بۆ ١٩٥٥، کارڵ لویس تەنها باسی خوێنەرانی نیتشە دەکات، سەرەتا لە ئەندریاس ساڵۆمی دەست پێدەکات، کە کتێبەکەی (نیتشە لەمیانەی کارەکانی) ساڵی ١٨٥٤بڵاوکردەوە، تا بە هایدگەر دەگات، کەچی باسی ویلیام دەلتای وەک خوێنەری نیتشە ناکات کە کتێبێکی بەناوی (جیهانی روح) هەیە ، لەدوای هایدگەریش خوێندنەوەکانی نیتشە بەردەوام بوو، جیل

دلۆز (١٩٢٤ ـ ١٩٩٥)، کە ساڵی ١٩٥٦ یەکەم کتێبی لەبارەی نیتشە بڵاوکردەوە، کتێبی دووەمیشی ساڵی ١٩٦٢ بڵاوکردەوە، میشاڵ فۆکۆ (١٩٢٦ ـ ١٩٨٤)، ساڵی ١٩٧١ وتارێکی بەناوی ( نیتشە، جینیالۆجیا، مێژوو) بڵاوکردەوە، هەرچی دریدایە (١٩٣٠ ـ ٢٠٠٤) کە بە فەلسەفەی هایدگەر کاریگەر بووە، لەبارەی (شێوازەکانی نیتشە) نووسیوویەتی و ساڵی ١٩٧٢ بڵاویکردۆتەوە.

پێدەچێت کارەکانی نیتشەیی هانی ژمارەیەک خوێنەر دابێت، بەدرێژایی سەدەی بیست، هێشتاش ئەو کاریگەرییە تا ئەمرۆش لەسەر ئەو خوێنەرانە ماوە، بۆ نموونە ئەوەی جیانی ڤاتیمۆ بۆ نیشەی تەرخانکرد، بەڵام سەرەڕای زۆریی و بەدوایەکداهاتنی ئەو خوێندنەوانە، هەندێکیان بەمەبەستی ئایدیۆلۆژی و سیاسی بەرێخرابوون، هاوشێوەی خوێندنەوەکەی بۆملار، هەندێ خوێنەر سەربە چەپی تازە بوون ، لەمیانەی گەڕاندنەوەی (ئیرادەی ئیقتیدار) بۆ مەیلێکی بیۆلۆژی و جەختکردنەوەیان لەوەی کە ئەمەی نیتشە باسی دەکات رەوایەتی بە پاکتاوی رەگەزیی دەدات و رێگریی دەکات لەوەی لاواز و نەخۆشەکان زاوزێ بکەن و وەچەبخەنەوە ، بەمەش فەلسەفەی نیتشە ـ کە شارستانییەتی لەرووی جینیالۆجییەوە خوێندەوە ـ بۆ پاساوهێنانەوە بۆ رژێمی نازی تەوزیفکرا، ئیدی خوێندنەوەی چاک و خراپ تێکەڵبوون، ئیدی قسە لەیەک نیتشە ناکەین، بەڵکو لەپێگەی فرە دیدگا و مەبەستەکانی تەئویل، قسە لەبارەی فرە نیتشەیەک دەکەین ، ئەمەش وامان لێدەکات، ئەو خوێندنەوانەی کە دژ بە رژێمە سیاسیەکانن لەو خوێندنەوانە جیابکرێنەوە کە جیدین، بۆئەوەی بتوانین پەردە لەرووی فەیلەسوفەکەمان لابدەین، رووە راستەقینەکەی بناسین.

گرنگترین خوێندنەوەکان لەبارەی نیتشە لەماوەی نێوان ١٩٣٠ بۆ ١٩٤٠ پەیدابوون، بەڵام خوێندنەوەی هایدگەریی لەنێوان ئەو خوێندنەوانە، گۆڕانکارییەکی ریشەیی هێنایە پێش ، چونکە خوێندنەوەکەی هایدگەر تاکە خوێندنەوەی فەلسەفییە کە چۆتە هەناوی (وشە بنەڕەتییەکانی نیتشە)، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە پشتمان بەم خوێندنەوەیە بەستاوە:

یەکەم: گرنگی و زۆریی ئەو دەقانەی کە هایدگەر بۆ نیتشەی بەردەستکردووە (لە

١٩٣٦ تا ١٩٥٥)، نیتشه تاکە فەیلەسوفە کە هایدگەر برێکی یەکجار زۆر وانە و موحازەراتی بۆ تەرخانکردووە، هاوکات لەگەڵ دەرچوونی کتێبەکەی کارڵ یسبرس (١٩٣٦)، دەستیکرد بە وانەگوتنەوە لەبارەی نیتشە، ئەمەش بواری بۆ رەخساند کە لە زانکۆی ئەڵمانی وانەبێژی بکات.

دووەم: پێدەچێت خوێندنەوەی هایدگەر بۆ نیتشە، لێپرسینەوەیەکی فەلسەفیی بۆ نازییەت بێت، واتا هایدگەر (دوای وازهێنانی لە سەرۆکایەتی زانکۆ) نازییەتی ملکەچی رەخنەی راستەقینە کرد، ئەزموونی هەڵەی تێکەڵاوی بیرکردنەوە کرد، هەموو بانگەشەیەکی نوێکاریی لە مەزهەبی سیاسی و مەرجەعە فەلسەفییەکەی سەندەوە و پرسی کرداری بۆ ئەو پێگەیەی شایستەیەتی گەڕاندەوە . کاتێک ئەو تیۆرە ئایدیۆلۆژیانەی کە بەهۆی خواستە سیاسییەکانی هەوڵی دەدا، وێنەی فەیلەسوف نیتشە بشێوێنێ ، خوێندنەوەی هایدگەر بۆ نیتشە بە گشتی و خوێندنی لە زانکۆکان بە تایبەتی لەو سەردەمە (١٩٣٦ بۆ ١٩٤٠) بەرجەستەبوو، تاکو نیتشە لەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵی تەبریئە بکات و تەئویلە نازییەکانیش سەرکۆنە بکات ، پێناچێت خودی یسبرس هاوسۆزی بۆ ئەو خوێندنەوە ئایدیۆلۆژییانە هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەروەک سافرنسکی دەڵێ هەڵوێستی نارۆشن و نادیار بووە . هەرچی هایدگەر بوو، ئەوا مەبەستی خۆی لە گرنگیدان بە نیتشە لە نامەیەکجا کە ساڵی ١٩٤٥ بۆ سەرۆکی زانکۆی فریبۆرگی ناردبوو روونکردبووە و گوتی: (من لەوەتەی ١٩٣٦ەوە زنجیرەیەک وانە و موحازەراتم لەبارەی ئامادە کردووە....لە راستیدا، مافی ئەوەمان نییە نیتشە بە ناسیۆنالیزمی سۆسیالیستی بلکێنین، (....) بەڵام تەفسیری میتافیزیکی بۆ نیتشە لە بەرزترین ئاستیدا، تەفسیریکردنییەتی بە عەدەمییەت.... ). ئەمەش ئەوە دەخوازێت، کە دەبێت خوێندنەوەیەکی هایدگەریی لەسەر پاشماوەی هەموو خوێندنەوە ئایدیۆلۆژییەکان دیاری بکەین.

سێیەم: ئەو خوێندنەوەیەی هایدگەر بۆ نیتشەی کردووە، زۆر ورد و تۆکمەیە لەرووی تەئویلەوە، بەمەش ئەو نارۆشنی و لێڵییەی کە لە خوێندنەوەکانی پێشوو یان هاوسەردەمی خۆی هەبوو، تێپەڕاند ، بۆیە خوێندنەوەکەی هایدگەر لەهەموویانی

زیاتر ڕەسەن و ڕوونترە ، هەرچەندە خوێندنەوەکەی درێژدادڕە، چونکە هەموو کون و قوژبنە بنچینەییەکانی فەلسەفەی نیتشەی بەسەرکردۆتەوە، بەتایبەت لەڕووی (فینۆمینۆلۆژیای ویژدانی)، سەربارى ئەوەش هایدگەر هەوڵیداوە، هەمان ڕێچکەی دیلتای بگرێتەبەر، کاتێک (هێرمینۆتیکا)ی کردە بناغەی سەرهەڵدانی زانستە مرۆییەکان، لای ئەو هێرمینۆتیکا ئەرکی ڕەهای فەلسەفەیە. کەچی هێرمینۆتیکای هایدگەریی، فینۆمینۆلۆژیای تێپەڕاند، چونکە فینۆمینۆلۆژیا لەسەر ئەوەی بەدەرناکەوێت جێبەجێ نابێت، کەچی هێرمینۆتیکا بەدوای مەبەستە شاراوەکانی خوێنراودا دەگەڕێ.

چوارەم: سەربارى ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی خوێندنەوەکەی هایدگەر کراوە، بەڵام توێژەرانی بواری نیتشە هیچیان ناتوانن خۆیان لێ ببوێرن و ئاوڕی لێنەدەنەوە، ئەوەندە خۆی سەپاندووە بەسەر هەموو خوێندنەوەکانی دیکە، تا وای لێهاتووە کاری لە هەموو خوێندنەوەکانی دیکە کردووە. هۆکاری ئەمەش بۆ جیدی بوونەکەی یان بۆ قولی پشکنینەکانی لەسەر کارەکانی نیتشە، هەروەها ناکرێت ئاماژە بە جوانی شێوازی هایدگەر لە خوێندنەوەکانی نەکەین، هەرچەندە لە زۆر شوێن، تووشی دووبارەکردنەوە بۆتەوە.

پێنجەم: جۆرە نزیکایەتییەک لەنێوان نیتشە و هایدگەر هەیە، هایدگەر هەر لەوەتەی قوتابی زانکۆ بووە (لەماوەی نێوان ١٩١٠ تا ١٩١٤) دەستی کردووە، بە خوێندنەوەی (ئیرادەی ئیقتیدار)، لەگەڵ نیتشەش لە چەند بیرۆکەیەک هاوبەشە لەوانە: (مردنی خوا، عەدەمییەت، تێپەڕاندن).

پێدەچێت خوێندنەوەمان بۆ خوێندنەوەکەی هایدگەر (وشە بنچینەییەکانی نیتشە)، دەبێتە خوێندنەوەیەکی لۆکاڵی بۆ (تەنگژەیەکی تەئویلی) گەورە: ئێمە وا خەریکە لە خزمەت دوو گەورە پیاودا دەبین، ئەوانیش: نیتشە و هایدگەرە ، بۆمان نالوێ بەبێ تێگەیشتن لەیەکێکیان لەوەی دیکەیان بگەین، نازانین ئێمە بەنیازین نیتشە بخوێنینەوە یان هایدگەر بخوێنینەوە، پێویستە توێژینەوەی ئەوەی بکەین، چۆن بیرکردنەوەی نیتشە کاری لە بیرکردنەوەی هایدگەر کردووە؟ چۆن نیتشە لایەن هایدگەرەوە

خوێندراوەتەوە؟ ئایا هایدگەر مافی خۆی لای نیتشە بردووە؟ بەو مانایەی کە لە دوای خوێندنەوەکە هایدگەر چی بەدەستهێناوە و چی لە کیسچووە؟ ئێمە هەوڵنادەین لەرووی تەکنیکیەوە لەم تەنگژەیە رزگارمان بێت، بەڵکو بەنیازین لەناوی بمێنینەوە، بەڵکو بتوانین لە خزمەتیدا، رووخساری نزکایەتی هەردوو فەیلەسوفەکە بەدەربخەین. ڤاتیمۆ باسی لەوەکردووە، کە نیتشە تاکە فەیلەسوفە، هایدگەر گرنگی زۆری پێداوە ، هایدگەر لە (تجاوز المیتافیزیقا) ئەوە رادەگەیەنێ، کە زۆر بە بلیمەتی نیتشە سەرسامە و بیروڕای نیتشە بە تەواو نوێ لەرووی پشتبەستنی بە بیروڕای بلیمەتانە دادەنێت. ڤاتیمۆ لە کتێبی (کۆتایی مۆدێرنیتە ) جەختی لەم نزیکایەتییەی نێوان ئەم دوو فەیلەسوفە کردۆتەوە، لەکاتێکدا (غەیرییە) مەرجێکی زەروریی بێت، بۆ ئەگەری بوونی خوێندنەوەیەکی تەئویلی (شلایر ماخەر)، کەواتە خوێندنەوەی هایدگەر بۆ نیتشە چۆن دروستە، لەکاتێکدا ئەو نزیکایەتییەیان لە سەرەتاوە لەنێوان خوێنەر و خوێنراو هەبووە؟ ئایا ئەمە جۆرێک لە رۆڵی هێرمینۆتیکا نییە؟

٤ـ خوێندنەوەی هایدگەر بۆ نیتشە:

جێی ئاماژە بۆکردنە کە هایدگەر بۆ یەکەمجار لە کتێبەکەی بەناوی (الوجود والزمان) (١٩٢٧)، ناوی نیتشەی هێناوە، ئەوەش لەمیانەی بڕگەی ٧٦ی بەشی پێنجەم بەناوی (الزمانیة والتاریخانیة)، لەژێر ناونیشانی (الدازین والزمانیة). باسکردنی نیتشە لێرە، بەشێوەی وەزیفی بووە، هایدگەر باسی ئەو کارانەی نیتشەی کرد، کە گرنگیان بە تەنگژەی تاریخ و زەمان دەدات، ئەویش لە کتێبی) اعتبارات لازمنیة (iiکەساڵی ١٨٧٣ چاپ بوو، بەڵام تا دەوروبەری ١٩٣٥ بێ دەنگی بەرامبەر نیتشە کرد، ئەو کاتەی کە دەستی بە وانەگوتنەوە لە بارەی نیتشە کرد لە (١٩٣٦ بۆ ١٩٤٦) لە زانکۆی فریبۆرغ، کە شەش سیمناری تەرخانکرد بۆ قسەکردن لەبارەی کارەکانی نیشە.

ساڵی ١٩٦١ وانەکانی هایدگەر لەبارەی نیتشە بە زمانی ئەڵمانی لەمیانەی کۆبەرهەکانی نیتشە لەلایەن ڤایتۆریا کلۆستێرمان بڵاوکرایەوە، بەیار کلۆسوفسکی لە ئەڵمانییەوە کردۆیەتە فەرەنسی، ساڵی ١٩٧١ لەلایەن گالیمار بڵاوکرایەوە، بەرگی یەکەمی وانەکانی لەبارەی نیتشە لە سێ بەشی لەخۆگرتووە، بەشێکیان گرنگی بە

(ئیرادەی ئیتقیدار لەرووی هونەر چییە) داوە، کە ئەمەیان لە ساڵی ١٩٣٦ بۆ ١٩٣٧ درێژەی کێشاوە، لە بەشی دووەم هایدگەر باسی (گەڕانەوە ئەبەدی العود الابدي) دەکات، کە ئەو وانەیە بۆ ساڵی ١٩٣٧ دەگەرێتەوە، بەشی سێیەم لەبارەی (ئیڕادەی ئیقتیدارە لەرووی مەعریفە چییە)، کە هی وانەکانی ساڵی ١٩٣٩. هەرچی بەرگی دووەمە، کە بەشەکانی دیکەی لەخۆگرتووە: بەشی چوارەم بەناونیشانی (گەڕانەوەی ئەبەدی بریتیە لە ئیڕادەی ئیقتیدار) کە بۆ ساڵی ١٩٣٩ دەگەڕێتەوە، بەشی پێنجەم گرنگی بە (عەدەمییەی ئەوروپی) دەدات، کە بۆ ساڵی ١٩٤٠ دەگەڕێتەوە، بەشی شەشەم بۆ باسکردنی (میتافیزیای نیتشە) تەرخانکرابوو، ئەم وانەش بۆ ساڵی ١٩٤٠ دەگەڕایەوە، هەرچی بەشی حەوتەمە باسی (دیاریکردنی ئەنتۆلۆژی تاریخانی بۆ عەدەمییەت) ئەو وانەیە لە ١٩٤٤ بۆ ١٩٤٦ درێژەی کێشا، کەچی بەشەکانی دیکە (٨ و ٩ و ١٠) سەبارەت بە (پەیوەندی مێژووی وجود بە میتافیزیکا) تەرخانکرابوو، کە بۆ وانەکانی ساڵی ١٩٤١ دەگەڕایەوە.

هەرچی ئەو ساتەیە کە تێیدا هایدگەر لایەنگری نیتشەی کرد، ئەوا ئەو ساتەبوو کە لە ساڵی ١٩٤٣ محازەرەیەکی بەناوی (وتەی نیتشە لەبارەی مردنی خودا) پێشکەشکرد، ئەو محازەرەیەش لە پاڵ محازەرەی دیکە کە دەکرێت لەناویان باسی (وتەی ئەناکسماندرس) بکەین، لەمیانەی (هۆڵزویج)ساڵی ١٩٥٠ بڵاوکرایەوە. هەروەها هایدگەر لەمیانەی (چ هۆکاری فیکرە؟ ١٩٤٥) باسی نیتشەی کرد، لەدوای ئەو هەوڵەش لە (زەردەشت کێیە؟ ١٩٥٣) دووبارە باسی نیتشەی کردەوە، کە ئەمە لەمیانەی (محاولات و محاضرات) ساڵی ١٩٥٤ بڵاوبووەوە.

داڤید فاراڵ کراڵ ، ئاماژە بۆئەوەی دەکات، کە بە دیاریکراویی نازانین، کەی هایدگەر بۆ یەکەمجار دەستی بە خوێندنەوەی کارەکانی نیتشەکردووە، بەڵام ئەوەی لێی دڵنیاین، ئەوەیە کە ئەو لەو کاتەی قوتابی زانکۆی فریبۆرگ (١٩٠٩ بۆ ١٩١٤) دیراسەی نیتشەی دەکرد، ئەو ماوەیەش هاوکات بووە لەگەڵ دەرکەوتنی بڵاوکراوەی دووەمی کارەکانی نیتشە، کە بەناوی (ئیڕادەی ئیقتیدار ١٩٦٦) بڵاوکرایەوە، دوای بیست ساڵ لە رێکەوتی بڵاوبوونەوەی ئەم کارە، ئیدی ئیڕادەی ئیقتیدار بووە خاڵی

سەرەتای کاری جیدی تەئویلی هایدگەر بۆ نیتشە. پێدەچوو، هایدگەر هەتا ساڵی ١٩٢٠ بە شێوازەکەی نیتشە سەرسام بووبێ. داڤید فاراڵ روونیدەکاتەوە کە کاریگەری هایدگەر بە نیتشە لەمیانەی خۆئامادەکردنی بۆ کاریی زانکۆیی (١٩١٥ بۆ ١٩١٦) لەرێگەی ئامادەکردنی بابەتێکی فەلسەفی لەبارەی (بەهایەک لەپێناوی ژیان) دەردەکەوێت، هەروەها لەمیانەی خوێندنەوەی فریبۆرگ (١٩٢٤ بۆ ١٩٤٤) گرنگی بە نیتشە داوە، کەچی لە میانەی خوێندنەوەی ماربۆرگ خوێندنەوەی بۆ نەکردووە، بەهۆی ئەوەی هایدگەر دەستی بە خوێندنەوەی ئەرستۆ و کانت و هۆسرەڵ (١٩٢٣ بۆ ١٩٢٨) کردبوو، کەواتە پێکگەیشتنی هایدگەر بە نیتشە لە ماوەی سالانی سییەکان و چلەکان و سەرەتای پەنجاکان بە ئاشکرا دیاربوو.

هەروەها جی ئاماژە بۆکردنە کە هایدگەر (الاعتبارات اللازمنية)ی دووەمی نیتشەی (١٩٣٨-١٩٣٩) خوێندبووە، کە بەزمانە رەسەنەکەی لەمیانەی بلاوکراوەی ئەڵمانی ساڵی ٢٠٠٣ بلاوکرایەوە، لەسەر ئەرکی کوڕی هایدگەر (هارمان هایدگەر) لکێنرا بە کۆبەرهەمەکانی، ئالان بۆتۆ ساڵی ٢٠٠٩ لە خانەی چاپی گالیمار ئەم کۆبەرهەمی بۆ زمانی فەرەنسی وەرگێڕا.

٥- ، تێگەیشتن لە (وشە بنەڕەتییەکان) تێگەیشتنە لە نیتشە:

فیکری نیتشە لەمیانەی خوێندنەوە هایدگەرییەکان، بەشێوەی میتافیزیکی رێکدەخرێت، ئەمەش لەگەڵ تەواوی فیکری رۆژاوایی هەر لە ئەفلاتوونەوە، گونجاوە. لێرە میتافیزیکا بە (تێڕوانین لە حەقیقەتی مەوجود) سەیرکراوە(نیتشە٢- ل٢٠٧) ، بەلام لەوەتەی کتێبی (فجر)ی نیتشە ساڵی ١٨٨١ دەرچووە، ئەوا حەقیقەتی مەوجود لای ئەو بەشێوەی (وشە بنەڕەتییەکان) دەرکەوتووە، بەهۆی ئەو وشانە گوزارشتی فیکری خۆی کردوە و ئینتیمای بۆ ئەو میتافیزیکایەی کە دەیەوێت بەجێی بهێڵێت، روونکردۆتەوە. وەک دیارە ساڵی دەرچوونی کتێبی (فجر) هەمان ئەو ساڵەیە کە تێڕوانینی نیتشە بۆ (گەڕانەوەی ئەبەدی) بەرجەستە بوو.

هایدگەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە میتافیزیکای نیتشە، بۆمان مەفهوم نابێت، تا لە رایەڵە زەرورریی و رەسەنەکان بیر لە (وشە بنەڕەتییەکانی) نەکەینەوە ، مەبەست لە

(وشەی بنەڕەتی) چییە؟ ئەی وشە بنەڕەتییەکانی نیتشە چین؟ چی وایکردووە بنەڕەتی بن؟

هایدگەر (وشە بنەڕەتییەکانی نیتشە)ی کردە، ناونیشانی لاوەکی بەشی پێنجەمی وانەیەک لەبارەی نیتشە (عەدەمییەتی ئەوروپی)، کە لە بەشی دووەمی کتێبی نیتشە چاپ بووە، لە ئەصڵە ئەڵمانییەکەی ئەم ناونیشانە هەیە die funf haupttitel im ) denken nietzsches(، کلۆسوفسکی وا les cinq termes capitaux dans) la pensee de nietzsche ( بۆ زمانی فەرەنیسی وەرگێڕاوە. واتای ئەصڵە ئەڵمانییەکەی وشە بنەڕەتییەکان بریتییە لە (haupttitel) لەفەرەنسییەکەی بە کلۆسوفسکی بە( les termes fondamentaux) ، کەچی کلۆسوفسکی تێرمی لەبەر (das wort) ئەڵمانی بە مانای وشە بەکار هێناوە. شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە هایدگەر (وشە بنەڕەتییەکان) بە (بیروڕای بنەڕەتییەکان)یش دەربڕیووە . هەروەها خودی نیتشە ئەوەی لە فەلسەفەکەی بنچینەیی بوو بەم بە (مەزهەبە فەلسەفییە بنەڕەتییەکان ) دەریبڕیووە، بەو پێیەی کە بە تەئویلی هەموو مەوجودەوە پەیوەستە ، بەڵام نابێت (وشەی بنەڕەتی) بە (چەمکی بنەڕەتی) تێبگەین، چونکە وشە لە چەمک جیاوازە، وشە نەرم و جولاو و رژاوە، کەچی چەمک رەق و چەسپاوە. بەهۆی ئەوەی (وشە) لە هەردوو فەیلەسوفەکە نزیکە، چونکە وشە هەم پڕیەتی لەوەی کە (شعرییبوون و هەمیش فکرییبوون)، لەوانەشە جۆرێک لە ریتم و مۆزیکیشی تێدابێت، کاتێک بەشێوەی شیعری بەدوایەکدا دێت. ناکرێت ئەو پەیوەندییە توندە پشتگوێ بخەین، کە هایدگەری بە شیعری (هۆڵدرلین ) دەبەستەوە، هەروەها ناکرێت، نکۆڵی لەوە بکرێت، کە خودی نیتشە پێشتریش بە هەمان شێوازی شیعریی نووسینەکان دەنووسی، بەتایبەت لە (زەردەش وای گوت ١٨٨٣-١٨٩٢).

هایدگەر لەمیانەی شەش وانە (١٩٤١ـ ١٩٤٢)، نیتشەی فەیلەسوفی بە شاعیر دانا، کاتێ پرسیاری ئەوەی لێکرا، ئاخۆ دەکرێت پەیوەندییەکی جەدەلی هەبێت، کە فیکری فەلسەفی بە شیعر گرێبدات؟ واتا دەکرێت رێچکەیەک هەبێت لێوە لە شیعرەوە بەرەو فەلسەفە بچین، نیتشە لەمیانە (وشە) لەگەڵ هۆڵدرلین یەکدەگرێتەوە . ئایا هایدگەر

لەوە نەگەیشتووە، کە نیشتە (وشە بنەڕەتییەکانی) لە قەسیدەیەک کۆکردۆتەوە، لە پاشکۆی بڵاوکراوەی دووەمی (زانستی شاد العلم المرح ١٨٨٧) چاپ بووە، بەناونیشانی (بۆ گۆتە )؟ ئەدی هایدگەریش قەسیدەکی نەنووسی و ناوی نا ( sprache)؟ ئایا پێناچێت (وشە) پێگە یان نیشتیمانی وجود بێت؟

مامۆستا محەمەد مەحجوب، بەم شێوەیە پێناسەی (وشەی بنەڕەتی) لای نیتشە دەکات: (....) وشەی بنەڕەتی، وشەیەکە تێرمەبەست و دیدگا و تێڕوانینە، بەشێوەیەک ئەگەر لەسەر شەقامیش جێبهێڵدرێت، کەس دەستی لێنادات و تێبینی ناکات لەوێیە، وشە ئەو شتە جوواوەیە، کە لەسەر هەموو زمانێک هەیە، بۆ نموونە وشەی (گەڕانەوەی ئەبەدی)، وەک بنێشت کاوێژ دەکرێتەوە، واتا گەڕانەوەی شت بۆ دژەکەی و دووبارەبوونەوەی، هەتا وای لێدێت بێ مانا دەبێت، کەواتە وشەی بنەڕەتی تێدا نییە، بەڵکو ماناکەی بۆخۆی لەپشت بەڵگەنەویستەکان شاردۆتەوە، دواتر لە شکۆمەندیی و ریسوایی بەکاردێت . کەواتە مانای ئەوە چییە؟

وشە لای نیتشە کاتێک بە (بنەڕەتی) دادەنرێت، ئەوەندە بەدیهی بێت، پێویست بکات تێی بگەین، ئەوەندە تێر مانا و مەبەست بووە، تاکو وازی لێ دەهێنرێت، ئەوەمان بۆ رووندەبێتەوە، کە (وشەی بنەرەتی) لای نیتشە وشەیەکی زۆر بەدیهییە (بەڵگەنەویستە)، بۆیە هیچ شتێکی ئەو وشەیە نامان وروژێنی تاکو مانا شاراوەکانی بدۆزینەوە، بەڵام کاتێک بمانەوێت قسەی لەبارە بکەین، بە دەستەواژە داپۆشراوە. ئەوەی (بنەڕەتییە) تێیدا، تا ئاستی بێ کەڵکبوونی ناسراوە، ئەوەشی تێیدا بە بەها بێت، تا پلەی لە بیرچوونە ناسراو دەبێت، بۆیە هایدگەر بۆ پشکنینی ئەو وشانەی کە تێر مەبەستن و لە تێرامانی ماندووبووین، هانمان دەدات. لەمیانەی خوێندنەوەی هایدگەریی دەخوازین، شوێن وشە بنەڕەتییەکانی نیتشە بکەوین، کەواتە: ئەو وشە بنەڕەتیانەی نیتشە چین؟

هایدگەر پێنج وشەی بنەڕەتی لای نیتشە دەژمێرێ: ئەو پێنج وشەیە لەمیانەی "عەدەمیبوونی ئەورووپی"، بەم ریزبەندییە باس دەکات: عەدەمییەت، هەڵگەڕاندنەوەی هەموو بەهاکانە، ئیرادەی ئیقتیدار، گەڕانەوەی ئەبەدی، مرۆڤی باڵا ، کەچی ئەم

ریزبەندییەی وشەکان لە (میتافیزیکای نیتشە ١٩٤٠) گۆڕانی بەسەردا دێت و وشەی (هەڵگەڕاندنەوەی بەهاکان) شوێنی (داد) دەگرێتەوە، ئەم ریزبەندییەمان دەستدەکەوێت: ئیرادەی ئیقتیدار، عەدەمییەت، گەڕانەوەی ئەبەدی، مرۆڤی باڵا (سوپەرمان) و داد .
هایدگەر لە (شەش محازەراتی زستان ١٩٤١-١٩٤٢) پارێزگاری لە هەمان ژمارە و هەمان ریزبەندی وشە بنەڕەتییەکانی نیتشە کرد، کە ئەمەشی لەمیانەی بڵاوکراوەی (اكتمال الميتافيزيكا والشعر ١٩٩٠) جاڕدا . پێنج وشە بنەڕەتییەکان تەبان بە پێنج ماهییەتەکەی میتافیزیکا.
بەرای هایدگەر تێگەیشتن لە نیتشە، بریتییە لە تێگەیشتن لە (وشە بنچینەییەکان)، واتا ئەگەر توانیمان لە (ئیرادەی ئیقتیدار، عەدەمیبوون، گەڕانەوەی ئەبەدی، سوپەرمان و عەدل) بگەین، لە نیتشە دەگەین. بەڵام تێگەیشتن لە وشەیەک لەم وشە بنچینەییانە، بە تێگەیشتن لە تەواوی وشەکانی دیکەی بەندە . بە (ئیرادەی ئیقتیدرا) دەگوترێت (وجودی مەوجود)، هەرچی (عەدەمیبوونە) بریتییە لەو وشەیەی کە مێژووی حەقیقەتی مەوجود دیاری دەکات، کەچی (گەڕانەوەی ئەبەدی) گوزارشت لەو رێبازە دەکات، کە وجودی مەوجودی پێ دروست دەبێ، هەرچی (سوپەرمانە)، ئەوا تایبەتە بە مرۆڤایەتییەوە لە پەیوەستبوونی بە تەواوی مەوجودەوە، هەرچی عەدلە (داد)، ئەو وشەیەیە، بۆ سەرەتامان دەگەڕێنێتەوە، بریتیە لە حەقیقەتی مەوجود لەرووی (ئیرادەی ئیقتیدارەوە).
هایدگەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوەی تاکە (وشەیەک) دەیڵێت، لە میانەی سیاقی (کۆنتێکیست) وشەکانی بنەڕەتییەکانی دیکە نەبێت، ناکرێت تێی بگەین، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە، بە (پرۆژەی وجودە)وە پەیوەستە. لە بەر رۆشنایی ئەوەی هایدگەر لەمیانەی (الوجود والزمان ١٩٢٧) نەبێت، ناکرێت خوێندنەوە بۆ ئەم (وشانە) بکرێت. بیرکردنەوە لە فیکری نیتشە، دەکەوێتە سەر مێژووی میتافیزیکای رۆژاوایی، ئەو مێژووەی کە گرنگی بە مەوجود داوە و وجودی فەرامۆشکردووە.
هەموو خوێندنەوەیەکی تەئویلی، بۆخۆی تەنگژەیە، ئەگەرچی هیچ کێشەیەکیش چارەسەر نەکات، ئەگەر پرسەکەش بە خوێندنەوەی نیتشە پەیوەست بێت، ئەوا لەسەر

فەیلەسوف پێویستە لە بمانخاتە نێو گفتوگۆ لەگەڵ نیتشە . ئەگەر خوێندنەوەی نیتشە بە خودی خۆی کێشە بێت، ئەدی چ بکەین بەرامبەر خوێندنەوەی خوێندنەوە؟ ئەدی داریدا، لەوەی هایدگەر لەبارەی نیتشەی نووسیووە، ئاگادار نەکردووە، بەوەی کە خوێندنەوەیەکی قورسە ؟

کاتێک هایدگەر دووبارە بیر لە میتافیزیکای نیتشە دەکاتەوە، مانای وایە کە دەیەوێت پرسەکە بە جدی وەربگرێت، دەیەوێت پێگەی ئەو میتافیزیکایە بۆ مرۆڤی هاوچەرخ دیاری بکات. کە چارەنووسی بە بەدەستهێنانی حەقیقەت گرێدراوە . بەرای هایدگەر خوێندنەوەی باش، هەر ئەوەیە نیە، مانا لە دەقە ئەصڵییەکە دەربێنێ، بەڵکو لەلای خۆیەوە بەبێ ئەوەی هەست بکات، هێمایەک بۆ دەقەکە زیاد دەکات. ئەرکی تەئویلکەر ئەوە نییە کە لە خاوەن دەقەکە زیاتر لە دەقەکە بگات، بەڵکو پێویستە لەسەر لە غەیربوونی تێی بگات، واتا تێگەیشتنێکی جیاواز لە مەبەستی خاوەن دەقەکە، ئەو غەیرەبوونەی وەرگریش لەمیانەی ئەو ئاسۆیەدایە کە دەقەکە ڕێگەی پێدەدات.

لێکەوتەی خوێندنەوەی هایدگەر بۆ نیتشە بە گشتی چییە؟ بۆچی هایدگەر شوێن ئەو هەنگاوانەی نیتشە کەوتووە، کە نیتشە لە نووسینی دەقەکانی گرتوویەتەبەر؟ پێدەچێت هایدگەر کەتبێتە ناو پرۆسەیەکی گرێدراو بە دەقی نیتشە، واتا ئەو وەک ئەوەی قسە لەگەڵ خوێنەرانی دەکات، ئاواش ڕووی قسەی لە نیتشە کردووە، ئەگەر تێگەیشتنی خوێنەر و تێگەیشتنی خوێنراو وەک یەک بن، چۆن دەکرێت ئەم پرۆسەی گرێدانە ئەنجامبدرێت؟

لەم کتێبەدا، پشتمان بە کۆبەرهەمەکانی نیتشە بەستاوە، کە بۆ فەرەنسی وەرگێڕدراوە و لەلایەن خانەی گالیمار چاپکراوە. سەبارەت بەو بەرگەی کە هایدگەر بۆ خوێندنەوەی نیتشەی تەرخانکردبوو، ئەوا پشتیمان بە وەرگێڕانەکەی بیار کلۆسفسکی بەستاوە، کە ئەویش لە خانەی گالیمار چاپ بووە. بەڵام سەبارەت بەم دوو بەرگە، بۆ دانە ڕەسەنە ئەڵمانییەکەی گەڕاینەوە، بینیمان جیاوازییەکی گەورە لە نێوان دوو دەقە نییە، جێی ئاماژە بۆکردنە، کە لەو شوێنانەی کە پێویستی بە راوردکردن کرد، ئەوا بۆ زمانە ڕەسەنەکە گەڕاینەوە.

بەشی یەکەممان بۆ (ئیرادەی ئیقتیدار): یەکەم وشەی بنەرەتی، تەرخانکردووە، کە پێنج کەرتی لەخۆگرتووە: ئیرادەی ئیقتیدار، خەسڵەتێکی بنەرەتی هەموو مەوجودێکە، ئیرادەی ئیقتیدار لەرووێک بنەمای بەهاکانە، لەرووێک هەڵچوون و ئیحساسە، لەرووێک هونەرە، لەرووێک مەعریفەیە. بەشی دووەم بە گەڕانەوەی ئەبەدی (بارە قورسەکە) پەیوەستە: ئەویش لە پێنج کەرت پێکدێ: لە پەیوەندی نێوان ئیرادەی ئیقتیدار و گەڕانەوەی ئەبەدی، لەبارەی پەیدابوونی وشە، خوێندنەوەی هایدگەر بۆ لێدوانەکانی نیتشە لەبارەی گەرانەوەی ئەبەدی، خوێندنەوەی هایدگەر بۆ کۆپڵە بڵاونەکراوەکان، ئەوانەی بە گەرانەوەی ئەبەدی پەیوەستن، گەرانەوەی ئەبەدی و پرسی زەمان. بەشی سێیەممان بۆ عەدەمیبوون تەرخانکردووە، سێ پارچە لەخۆدەگرێت: لەبارەی مانای عەدەمیبوون، لەبارەی مانای بەها و عەدەمیبوون: مردنی خودا. بەشی چوارەم، بۆ دوو وشەکەی کۆتایی تەرخانکراوە: سوپەرمان و عەدل، ئەمە لە دوو کەرت پێکدێ: لە دواین مرۆڤەوە بۆ مرۆڤی باڵا (سوپەرمان) و عەدل. ئەو لاپەڕانەی کە بۆ هەر فەسڵێک تەرخانمانکرد، یەکسان نەبوون، ئەمەش رەنگدانەوەی سروشتی خوێندنەوەی هایدگەری بۆ ئەو وشانە بنەرەتیانە دەردەخات، هەریەکە لە وشەکانی ئیرادەی ئیقتیدار و گەرانەوەی ئەبەدی بە بەراورد بەوانی دیکە بەشی زۆریان بۆ تەرخانکراوە، کەچی عەدل نە لەلای نیتشە و نە لەلای هایدگەر گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە.

## بەشی یەکەم

### ئیرادەی ئیقتیدار
### وشەی بنەڕەتی بەرایی

#### ئیرادەی ئیقتیدار خەسڵەتی هەموو مەوجودێکە

مانای چییە کە دەگوترێت: ئیرادەی ئیقتیدار خەسڵەتی هەموو مەوجودێکە؟ شێوازی ئەو پەیوەندییە چییە، کە ئیرادەی ئیقتیدار بە مەوجود دەبەستێتەوە؟ هایدگەر وا لە دەستەواژەی ئیرادەی ئیقتیدار دەگات، کە بریتییە لەو دەستەواژەیەی کە خەسڵەتی بنەرەتی هەموو شتێکی مەوجودە، واتا ئەو ئیرادەیە ڕێگەمان دەدات وڵامی پرسیاری پەیوەندار بە مەوجود بدەینەوە . هەموو مەوجود ئیرادەی ئیقتیدارە، هەموو ئیرادەی ئیقتیداریش بە خەسڵەتێکی بنەرەتی هەموو مەوجود دادەنرێت . بەڵام ئاخۆ ئەم ئیرادەیە بە کردەوە، وڵامی پرسیاریی یەکەمی فەلسەفە، پرسیار وجود دەداتەوە؟ چۆن وڵام دەداتەوە؟

١ـ ماناکانی پەیوەندی ئیرادەی ئیقتیدار بە مەوجود:

تەنها بگوترێت : ئیرادەی ئیقتیدار خەسڵەتی بنەرەتی هەموو مەوجودێکە، هێشتا وڵامی پرسیار (مەوجود چییە؟ یان وجود چییە؟)مان نەداتەوە . بۆئەوەی وڵامی باشمان هەبێت، پێویستە لە خودی پرسیارەکە بگەین، هایدگەر وای بۆچووە، کە ئێمە پرسیار لەبارەی هیچ خەسڵەتێکی بنەرەتی ناکەین، کە مەوجودی پێ کەشف بکرێت، هەروەها پرسیار لەبارەی ئەو چۆنییەتییەش ناکەین کە وجود لە مەوجود جیادەکاتەوە، بەڵکو پرسیار لەبارەی خودی ئەو وجودە دەکەین: ئەو وجودە چییە یان کێیە ؟ وڵامەکەی ئیرادەی ئیقتیدارە، واتا، ئەوەی مەوجودی پێی ڕاست دەبێتەوە، بریتییە لە ئیرادەی ئیقتیدار ، هایدگەر هیچ نامۆییەک لەوە نابینێ کە دان بەوە بنێ کە ئیرادەی ئیقتیداری خەسڵەتێکی بنەرەتی هەموو مەوجودێکە، بەڵام دێت پرسیاری ئەوە دەکات، بۆچی ئەمە کارێکی سەیر نییە؟ بۆچی پەیوەندی ئیرادەی ئیقتیدار بە وجود، پەیوەندییەکی گەرم گوڕ و زۆر ئاساییە ؟

ئەگەر ئیرادەی ئیقتیدار، خەسڵەتی هەموو مەوجودێک بێت، ئەوا گەڕانەوە بۆ خودی مەوجود، وامان لێناکات بتوانین لەوەبگەین، مەبەست لە ئیرادە چییە، هەروەها ئیرادە ئەگەرچی بە تایبەت بە مەوجودەوە پەیوەستە، ئەوا ڕێگە نادات پەیوەستبوونی بە وجود تەفسیر بکەین ، واتا کاتێک ئیرادەی ئیقتیدار بە ماهیەتی وجود تایبەتمەند

دەبێت، ئەوا بەردەوام پێویستی بەوە هەیە تێی بگەین، ماهیەتەکەی سەختە بەدەست بهێنرێت، چونکە پەیوەندی بە وجودەوە زۆر گەرمە، وەک ئەوەی خۆی لەهەناوی شاردبێتەوە و نەیەوێت خۆی دەربخات ، بە رای هایدگەر پەیوەستبوونی وجود بە ئیرادە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وجودەکە ئیقتیداری لەخۆگرتووە، واتا سەیر نییە هەموو مەوجود ئیرادەی ئیقتیدار بێت، کە حاڵیش وابێت، خودی وجودەکە هەروەک ئەوەی بە ئیرادە تایبەتمەندە، بە ئیقتیداریش تایبەتمەندە . بۆیە هایدگەر تێبینی ئەوەی کرد، کە ئەوەی نیتشە لەم پرسە دایهێنا، هەر ئەوە نەبوو وێنای وجودی لەرووی ئیرادەوە کرد، بەڵکو داهێنانەکە لە تەئویلی وجودی مەوجود بوو، کە وای تەئویلکرد کە لە رووی ئیرادەی ئیقتیدارەوە وێنابکرێت . ئیرادەی ئیقتیدار وجودی شتەکان لەخودی خۆیان دیاریدەکات، واتا ئەو ئیرادەیە حەقیقەتی وجودەکەی دڵنیادەکاتەوە. واتا تەئویلی وجودی مەوجود لەرووی ئیرادەی ئیقتیدارەوە، بریتییە لە گەڕان بەدوای حەقیقەتی وجود، پرسیارکردن لەبارەی ماهییەتی وجودی راستەقینە، پرسیارکردنە لە بارەی حەقیقەتی وجودەکەی. ئەگەر پرسیار بکەین ئاخۆ وجود بە حەقیقی چییە، کەواتە پرسیارمان لە ماهییەتی حەقیقەت کردوە، بۆیە هایدگەر دەپرسێ: پێنەدەچوو پەیوەندی وجود بە حەقیقەت، لە خودی خۆیدا پەیوەندییەکی ئاشنا بێت؟ پرسیارکردن لە حەقیقەت، پرسیارکردنە لە وجود، ئەو وجودەی کە پرسیاری لەبارەیەوە دەکەین، وجودێکی هەقە، واتا وجودێکە لەرووی ئیرادەی ئیقتیدارەوە ، کە ئیرادەی ئیقتیدار تایبەتمەندییەکی بنەرتی هەموو مەوجودێک بێت، واتا ببێتە بونیادێکی بەردەوامی ئەو مەوجودە . مەوجود لە بناغەوە، پێویستی بە بونیادێکە خۆی پێ بگرێت، ئەو بونیادەش، ئیرادەی ئیقتیدارە. نیتشە قسە لە (ئیرادەی ئیقتیدار) کرد و کردییە وشەیەکی بنەرەتی، چونکە بە خەسڵەتی بنچینەیی هەموو مەوجودێک پەیوەستە، کەواتە چۆن دەکرێت وجود بە هەموو مەوجودەوە، ئیرادەی ئیقتیدار بێت؟ مەبەست لە وجود چییە؟ نیتشە قسە لە چ وجودێک دەکات؟

هایدگەر بۆ ساڵی ١٨٨٥ دەمانگەڕێنێتەوە، کاتێک نیتشە پرسیار دەکات و دەڵێت: ئایا دەزانن، مەبەستم لە (گەردوون) چییە ؟ وڵامدەداتەوە و دەڵێت: ئەو گەردوونە، تەنها

ئیرادەی ئیقتیدارە و بەس. ئیوەش خودی خۆتان تەنها ئیرادەی ئیقتیدارن!
هایدگەر یەکسەر هەست بەوە دەکات، کە نیتشە هەردوو وشەی (گەردوون) و (وجود) وەک یەک بەکارهێناوە، واتا مەبەستی نیتشە لە گەردوون، هەموو وجودە، هەرئەوەندەش نا، بەڵکو ئەو زۆربەی کات، گەردوون دەکات بە هاوواتای (ژیان). ئەمەش سەرەتا ئەوە دەگەیەنێ، کە هەموو مەوجوج، ژیانە، دووەمجاریش ئەوە دەگەیەنێ کە ماهییەتی ژیان، بریتیە لە ئیرادەی ئیقتیدار، ئەمەش راستەوخۆ بۆ ئەوەمان دەبات کە بریاری نیتشە لەبارەی ئەوەی ژیان بریتییە لە ئیرادەی ئیقتیدار ، لەوەی رایبرد، دەکرێت بیروڕا بنەرەتییەکان بەمشێوەیەی خوارەوە کورت بکەیتەوە:

-بە ئیرادەی ئیقتیدار دەگوترێت، خەسڵەتی بنەرەتی هەموو مەوجودێک.
-مەوجود بەهەموویەوە ئیرادەی ئیقتیدارە ، هەروەها مەوجود بە هەموویەوە ژیانە .
-لای نیتشە (گەردوون) و (وجود) و (ژیان) یەک مانایان هەیە.
-گەردوون، تەنها ئیرادەی ئیقتیدارە و بەس.
-ماهییەتی ژیان، ئیرادەی ئیقتیدارە.

هایدگەر وا تێگەیشتووە، کاتێک نیتشە پرسیار لە هەموو مەوجود دەکات، ئەوا لە راستییدا، لە خودی (گەردوون)ی تۆژیوەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کاتێ نیتشە بیر لە ئیرادەی ئیقتیدار دەکات، بیری لەودیوی گەردوون کردۆتەوە، بەڵام لە هەمان کات بۆ گەردوونیش دەگەڕێتەوە. هایدگەر بەمشێوەیەی خوارەوە ئەمە لێکدەداتەوە:
ئەگەرچی ئیرادەی ئیقتیدار، لەرووێک خەسڵەتی بنەرەتی هەموو مەوجودەکانە، بەڵام ئەم گەردوونەش جێدەهێڵێ، چونکە بەم جێهێشتنەی دەتوانێ بەدەوری ئەو گەردوونە بخولێتەوە، ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە بابەتەکە بە گەڕان بەدوای ئەوەی پێویستە ببێت، پەیوەستە؟ واتا سەیرکردنێکی روون بە هەموو ئەوەی دەکرێت، ناوی وجودی لێبنرێت؟ هایدگەر تێبینی ئەوەی کردووە، کە نیتشە چاوی لەسەر ئەوەی پێویستە ببێت، چڕکردۆتەوە، واتا ئەوەی پێویستە وجود لەسەری بێت، بەڵام زۆری پێناچێت، درک بەوە دەکات کە ئەمە پێویستی بەوە هەیە، بۆی روونبێتەوە کە چ پێویستە هەبێت

و چ پێویستە وجود پێکبێنێ، واتا دیاریکردنی ئەوەی پێویستە ببێت . نیتشە لە گۆڕانکاریدا بەدوای چ دەگەڕێت؟ ئایا ئیرادەی ئیقتیدار ئاگادارمان ناکاتەوە، کە بەدوای گۆڕانکاری وجود بگەڕێ؟

هایدگەر درکی بەوە کردووە، کە نیتشە بەڵێنی داوە (مرۆڤ لە هەموو روخسارێکی قەلب رزگاربکات ). بۆیە پێویست بوو بۆیان (شتەکان وەک ئەوەی هەیە) روونبکاتەوە، واتا وایان لێبکات درک بە وجود وەک ئەوەی واقع وێنای کردووە بکەن، واتان نیتشە چاک دەیزانی کە مرۆڤ بۆ گۆڕانکاریی پەرۆش نییە، هەروەها ناتوانێ خەون بەوە ببینێ کە وجود لە داهاتوو چیبەسەردێ، چونکە ئەو (وجود) وەک ئەوەی وێنای بۆ کراوە (بەدرۆ) دەبینێ، واتا وەک ئەوەی خراوەتە بەردەمی، نەوەک وەک واقع، بۆیە نیتشە دەڵێ: (هەرگیز تێنوتیتان بە گۆڕانکاری ناشکێ، تا ئەو کاتەی درۆ بەدەمی ئەوەی هەیە بکەن ). ئەمەش وای لە هایدگەر کرد، بریار بدات، دووبارە چاو بە تەجرەبەی تەئویلی وجود بخشێنێتەوە، بۆیە دەڵێ:( ٥١